# کۆنفرانسی کورد لە کاروباری نێودەوڵەتیدا



کورد لە کاروباری نێودەوڵەتیدا ناوی ئەو کۆنفرانسە نێودەوڵەتیە بوو کە چاتهام هاوس ( Chatham House) پێیهەڵسابوو. (Chatham House) ئامۆژگایەکی شانشینیە بۆ کاروباری نێودەوڵەتی. یەکێکە لە ئامۆژگا هەرە پێشکەوتووەکان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشە نێودەوڵەتیەکان. ئەو ئامۆژگایە خۆی بە ئامۆژگایەکی سەربەخۆ دەناسێنێ و ناوبانگێکی زۆر باش و گرنگی هەیە لە بواری ڕاڤەکردن و لێکۆڵینەوەدا بۆ پێشکەشکردن و خستنەڕووی بیروبۆچوون بۆ دونیای سیاسیەکان و ڕێگاچارەی گونجاو بۆ پیادەکردنی ئەو سیاسەتانە بە شێوەیەکی کاریگەر. ئەندامانی ئەو ئاماژگایە بیریتین لە گەورە پسپۆر و پرۆفیسۆری بەریتانیا.

پرۆگرامی ئەو کۆنفرانسە قەڵەباڵغ و پوختە و ڕێکوپێک بوو لە بواری ڕێکخستن و ڕاپەڕاندندا. بەشی لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی ئیبراهیم ئەحمەد لە خوێندنگای ئێکزیتەر (Exeter University) هەموو خەرجیەکانی ئەو کۆنفرانسەی لە ئەستۆیخۆی گرتبوو دیارە هەر لەسەر داوای ئەوانیش کۆنفرانسەکە ڕێکخراوە.



کۆمەڵێک پرۆفیسۆری گەورە و دۆستی کورد لەو کۆنفرانسەدا بەشدار بوون و کۆمەڵێک توێژینەوە و لێکۆڵینەوە بە نرخ و کاریگەریان پێشکێش کرد. بابەتەکان بەو شێوەیە بوون:

- پەرێوەبەر: پرۆفیسۆر گارێث ستانسفید لە ( Chatham House and University of Exeter). بەریتانیا.
- نزیکبوونەوەی نێودەوڵەتی لە کورد. سێر جێریمی گرینستۆک لە ( The Ditchley Foundation). بەریتانیا.
- کورد لە گۆڕەپانی هەرێمیدا. میشێل هۆوارد لە (*The Guardian*) و پاتریک کۆکبۆرن لە (*The Independent*). بەریتانیا.
- بەرێوەبەر: کریستینا ئەلیسۆن لە (University of Exeter). بەریتانیا.
- تێڕوانینی تیۆری و مێژوویی لە ناسیۆنالیزمی کوردی. پرۆفیسۆر رۆبەرت ئۆلسۆن لە (Kentucky University)، بەریتانیا.
- ناسیۆنالیزمی کوردی هاوچەرخ، د. دێڤید رۆمانۆ لە (Rhodes College). ئەمەریکا.
- کورد و ئیسلامی سیاسی، پرۆفیسۆر حەمید بۆزئەرسەلان لە ( Institut d’etudes de l;Islam et des societes du monde musulman). فەرەنسا.

- بەڕێوەبەر: مارتن فان برونێسسن لە (International Institute for the Study of Islam in the modern world). هۆڵەندا.
- کاردانەوەی تورک لە هەمبەر ئایدنتیتێی سیاسی کورد: دوا پەرەسەندنەکان لە دیدگایەکی مێژوویدا. د. جانێت کلاین لە (University of Akron). ئەمەریکا.
- کەرکوک و ئەو زەویانەی ململانێیان لەسەرە. برێندان ئۆلێری لە (University of Pennsylvania) لە ئەمەریکا.
- پەیوەندیەکانی کورد و ئیران، د. هاشم ئەحمەدزادە لە (University of Exeter) بەریتانیا.
- بەڕێوەبەر: د. کلایەر سپێنسەر لە (Chatham House). بەریتانیا.
- پەیوەندی نێوان گەلانی خاوەن دەوڵەت و بێدەوڵەت، پرۆفیسۆر ستیفان وۆڵف لە (University of Nottingham). بەریتانیا.
- داهاتووی کورد، پرۆفیسۆر میشێل گوونتەر لە (Tennessee Technological University). ئەمریکا.

شایانی باسە لەدوا بەشی کۆنفرانسەکەشدا بەڕێز عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وتارێکی بە زمانی ئینگلیزی خوێندەوە لەژێر ناوی سیناریۆکان و سیاسەتی نێودەوڵەتی.

لەنێو داوەتکراواندا ژمارەیەکی زۆری پرۆفیسسۆر و مامۆستای خوێندنگاکانی بەریتانیا ئەمادەبوون و کۆمەڵێک مامۆستای کوردی هەمان ئەو خوێندنگایانەش بەشدار بوون. وێڕای کۆمەڵێک کەسایەتی ئینگلیز و کورد و هیتر. هەڵبەت ناوەندی چاکیش بە فەرمی بەشدار بوو، بەڕێزان ڕزگار کۆچەر و ئیبراهیم مەلازادە و موحەممەد هەورامی نوێنەرایەتی چاکیان کرد لەو کۆنفرانسەدا www.chak.be . نوێنەری چاک توانی هەر لەو کۆنفرانسەدا پەیوەندیەکی باش لەگەڵ ئەو پرۆفیسۆرانە و زۆرێک لە بەشداربوان دروستبکات و زەمینەخۆشی بکات بۆ کۆنگرەی داهاتووی خۆی کە بڕیارە لە مانگی سێی ساڵی داهاتوودا لە لەندەن ببەسترێ.



ئەوەش کە جێگای تێبینی بوو، لە نێو داوەتکراواندا نوێنەری سەفارەتی تورکیا لە لەندەن ئامادەبوو. ئەوان وەکو خووی هەمیشەی خۆیان، لەچەند دەرفەتێکدا لە کاتی پرسیار و وەڵامدا کەوتنەوە درۆودەلەسەی لافوگەزافی برایەتی کورد و تورک و بە دیموکرات ناساندنی دەوڵەتی تورکیا و بە تیرۆریست زانینی پەکەکە. بەڵام لە ناو هۆڵەکەدا یەکێک لە ئەندامانی چاک و ژنێکی بە غیرەتی کوردی باکور و کەسانی تریش بەتوندی وەڵامیان دایەوە.

ئامادەکردنی: ئیبراهیم مەلازادە